
# ِتۆپەکە لەقەندیلدایە

بەهێز حوسێن
Bahez2006@hotmail.com



لە ڕابردوودا لەمجۆرە هەڕەشانەی ئەمڕۆی تورکیا بە هێرش و لەشکرکێشی بۆسەر بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان " پەکەکە " گەلێك دووبارە بوونەتەوە و بە فیعلیش ئەنجامدراون ، بەڵام بە ڕای من ئەمەی ئەمجارە جۆرێکی ترە و مەترسییەکانیشی گەورەترن ، کە ئەمەش پەیوەستە بە کات و واقیعی سیاسی و ئامادەگی فاکتەرە جیاکانی نێوخۆیی و دەرەکی و هەڵکشان و داکشانی کێرڤی بەرژەوەندییەکان .

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لەم بارەدا پرسی کوردە لە کوردستانی عێراق و کوردستانی باکووردا ، چونکە هەتا هەنووکە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم تەنگژەیەدا ناوی کورد لە دوو پێناسەی جیا لەیەکتر هاتۆتەوە نێو ناوان ، لە نموونەی کوردی جوداخواز و یاخی و دەستپێشخەر بە کوشتنی خەڵك و پەنابەر بۆ توندوتیژی( کە ئەمە بە پەکەکە دەوترێت ) و کوردی خاوەن ناوچەی ئارام و بەرگریکار لە سەروەری خاك و ئامادەبوو بۆ دیالۆگ و چارەسەریی کێشەکان بە ڕێگەی وتوێژ ( کە ئەمەش بە کوردی باشوور دەوترێت ) ، واتە هەر لە دەسپێکی تەنگژەکەدا کورد بەدوو بەرە کەوتۆتەوە بەرچاو و نەتوانراوە بە ژیریی لانی کەم گوتاریی چارەسەریی کێشەکە لە نێوان هەرێمی کوردستان و پەکەکەدا یەکبخرێت .

پرسیاری گەورە لەوەدایە کە ئایا گەلی کوردستان لە کوردستانی عێراق وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ و دامەزراو و بەشێك لە دەوڵەتی نوێی عێراق ( دەستووری هەمیشەیی عێراق ) قوربانی بە دەستکەوت و بونیاد و سەروەرێتی خۆی بدات لە پێناو ڕێکخراوێکی بەشی باکوری کوردستان کە ئامادە نییە گوێ لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بگرێت و ئامادە بێت لە پێناو درێژەدان بە لۆژیك و سیاسەتەکانی خۆی،  خاکی کوردستان کە هێشتا شوێنەواری شەڕی دەیان ساڵەی ڤڕکردن و جینۆسایدی تێدا ماوەتەوە  لە سوپای تورکیا بکەن بە ڤێتنام !؟.

ئایا بەڕەوا دەبینرێت کە ئەزموونێکی بەبەرهەم و پێگەیشتوو لە نموونەی حکومەت و پارلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکرێتە قوربانی ئەزموونێك کە هێشتا لە سەرەتادایە و ئایندەی ڕوون و دیار نییە لە نموونەی باکور یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان !؟

من لەو باوەڕەدام کە هەرێمی کوردستان بە خەڵك و حیزبەکان و حکومەتەکەیەوە سۆزیان بۆ پرسی کورد لە باکور هەیە و هاوکاریش بوون ، بەڵام ناتوانن تا لە ناوچوون قوربانی بدەن و قوربانیدانیش مەرجی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن ، هەروەهاش مێژووش لە کەس نابوورێت کە پاش دەیان ساڵ قوربانیدان و شۆڕش و ماڵوێرانی و پاشان سەرکەوتن و بڕینی قۆناغێکی گرنگی مافی چارەنووس و هەستانەوە ، بەبێ پشوو دەستکەوت و ئەوەی پێی گەیشتووین بکرێتە قوربانی ئەگەرێك کە کەس نییە لە ئایندەی دوور و نزیکدا گرەوی بردنەوەی لەسەر بکات !.

لەوە دەچێت هەڵە تێگەیشتنێك لە مەسەلەی نەتەوایەتیماندا هەبێت و بمانەوێت لەسەر تەرزی ئەنتەرناسیۆنالەکەی چیڤارا بمانەوێت تا پارچەیەکی کوردستان بە ژێر دەستەیی بمێنێتەوە ئێمە لە شەڕدابین ، ئەم بیرکردنەوەیە تا کۆتایی سەدەی ڕابردووش دەگونجا ، بەڵام ئەمڕۆکە تێڕوانین و واقیعەکان تەواو گۆڕاون و وا پێویست دەکات وەك یەك نەتەوە و چەند قەوارەیەکی دیفاکتۆ بیر لە بەرژەوەندییەکانمان بکەینەوە ، من نالێم و نەشم وتووە هەرکەس بۆ خۆی بەڵکو دەڵێم ئێمە لەسەرەتای شوێن پێ قایمکردنین ، کە پێکانمان لە شوێن خۆیان دانا ئەوکات بیر لە هەنگاونان دەکەینەوە .

ئەمەی ئێستا تەرحی دەکەم خۆ پەرستی نییە ، بەڵام دەبێت وەك خەمخۆرێکی نەتەوەیی بگوترێت کە پێویستە هەموو لایەن و ڕێکخراوە سیاسی و سەربازی و تەنانەت ڕۆشنبیری و کەلتووری و فەرهەنگییەکانی بەشەکانی تری کوردستان موراعاتی تایبەتمەندێکی کوردستانی عێراق بکەن و کارێك نەکەن کە ئەو چرای ئومێدەی لێرەوە بەسەریانەوە ڕوناکی دەبەخشێتەوە بێ تینی بکەن یان بیخەنە بەردەم هەڕەشەی خامۆشکردن .

دەبێ پەکەکەش موراعاتی ئەوە بکات کە لەگەرمەی خەباتی چەکداری ئەواندا نەیانتوانیوە شەقامی گوندێك قیرتاو بکەن و ئاوی خواردنەوەی شارۆچکەیەك دابین بکەن و ئاڵایەکی نەتەوەیی بەسەر دامەزراوەیەکی دەوڵەتییەوە هەڵبکەن ، بۆیە ئەمەی کەئێستا لێری کراوە و دەکرێت هیچی لە بەرخودان و سەنگەرگرتن و بەگژاچوونەوەی داگیرکار کەمتر نییە !؟.

ئەوەی مایەی سەرنجی منە ئەوەیە کە پەکەکە لەبری ئەوەی یارمەتی پاراستنی سنوور و ئاسایشی هەرێم بدات و پاساو بۆ ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ نێوخاکی هەرێم نەدات بەدەستەوە ، دێن و لێدوانی وروژێنەر تر دەدەن و دەڵێن لەکاتی هێرشی تورکیا بۆسەرمان ئەوا " خاکی کوردستانیان لێ دەکەین بە ڤێتنام "! ئاخر ئەم جۆرە لێداوانانە چ بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەیی و ئەخلاقی تێدایە !؟ ئەم لێدواندەرەی پەکەکە چۆن حەق دەدات بەخۆی کە لە نێو سنووری نێودەوڵەتی وڵاتێکی ترەوە ئەم جۆرە هەڕەشانە بکات و پرسی بە چ کوردێکی خێر لەخۆ نەدیوی کورد کردووە کە هێشتا هەناسەی ئارامی و پشودانی درێژی هەڵنەکێشاوە شار و گوندەکانی بکاتە شەڕگە و هەرێمی کوردستانی تازەئاوەدانی کوردستانی لێ کاول بکات !؟ ئاخر گەر ئێستا ڤێنامییەکان خۆیان هێرشیان بکرێتەوە سەر وەك ئەوسای سەردەمی سۆڤییەت و شەڕی چەکداری خەبات دەکەن و ماڵەکانیان دەکەنەوە بەسەنگەر یان پەنا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان و شێوازی تری سەردەمیانەی خەبات دەبەن بۆ ڕزگاری ؟

بۆیە پێموایە ئەرکی "پەکەکە"یە کە چەکی بەرگری لە نەتەوەکەی هەڵگرتووە بە ڕێگا شەرعی و ڕێگەپێدراوی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتیی بەرگری بکات ، بەرگریش ئەوەیە تۆ دەستپێشخەر و هەڵگیرسێنەر و هۆکاری شەڕ نەبیت .

هەروەها ئەرکی پەکەکەیە ڕێز لەوە بگرێت کە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش باجی بەرگریکردن لە مانەوەی ئەوان ئەدات و تێبگات کە تێکنەدانی ژیانی ئارامی هەرێمی کوردستان وەك بەرگریکردن وایە لە ژیانی کوردان و لە نموونەی لایەنە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نەنانەوەی تەنگژە و ئاڵۆزی لەم هەرێمەدا بە ئەرکی خۆیان بزانن، باشتریش وایە ئەو ڕۆڵەی کە چاوەڕوانی دەکات سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی عێراق بۆ بەرژەوەندییەکانی پەکەکە لە دژی تورکیا بیگێڕن ، بیسپێرێتە ئەو 21 ئەندام پەرلەمانە کوردەی لە نێو پەرلەمانی تورکیادان و نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆی گەلی کورد لەو بەشە دەکەن ،پێشموایە کە پرسی کوردیش لە تورکیا سیاسیانە چارەسەر دەبێت و دەگاتە ئەنجام نەك بە هێزی چەکدار و مین نانەوە و شەڕ ، هەرێمی کوردستانیش ماڵ و پەناگەیەکی ئارامە بۆ هەموو ئەوانەی تێیدا دەژین و ڕێز لە یاسا و ڕێساکانی دەگرن و خۆیان تێیدا بە غەریب نازانن .